




# ژنەکەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر شێوازی هەیفا وەهبی نەشتەرگەری جوانکاری کردووە



**راپۆرتی ڕاوێژ وێژە**

تاکە خانمی دیاری نێو بنەماڵەی بارزانی نەشتەرگەری جوانکاری لە لووت و رووومەت‌و لێویدا ئەنجامداوەو بەو وتەی پسپۆڕێکی بواری جوانکاریش ئەو نەشتەرگەریانە زیاتر لە دوو دەفتەر دۆلاری تێچووە.

نەبیلە بارزانی کچی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و کچە مامو خێزانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو سێ منداڵی لێی هەیە، بەناوەکانی ئیدریس(١٢ساڵ)، ڕانیا(١٠)ساڵ، چیڤان(١ساڵ)، نەبیلە تاکە ژنی دیاری نێو بنەماڵەی مەسعود بارزانیە کە لە راگەیاندنەکاندا دەرکەوتبێت، بەوتەی نێچیرڤان بارزانی هاوسەرەکەی لەبواری خزمەتگوزاری مرۆیو چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی منداڵاندا کەسێکی چالاکە، یەکەم دەرکەوتنی نەبیلە دەگەڕێتەوە بۆ **٢٠٠٨/٣/١٨**، ئەوکاتەی کە لەکۆشکی سەرۆکایەتی هەرێمدا پێشوازیکرد لە لەلین چینی هاوسەری دیکچینی جێگری سەرۆکی پێشوی ئەمریکا.

دواین دەرکەوتنی نەبیلە بارزانیش لە **٢٠٠٩/٧/٢٥**دابوو کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، لە یەکێک لە بنکەکانی دەنگداندا دەنگی خۆیاندا، هەر لەگەڵ دواین دەرکەوتنی نەبیلە دا لە شاشەی تەلەڤیزیۆنەکانەوە، باسکردنی جوانی روخساری تاکە خانمی دیاری بنەماڵەی بارزانی کەوتە سەر زاری خەڵک و ئەوەی تێبینیش دەکرا ئەوەبوو کە جیاوازیەک لەنێوان روخساری نەبیلەدا هەیە لەنێوان دەرکەوتنی یەکەمجاریو دواین دەرکەوتنیداو بەوتەی پسپۆڕێکی بواری نەشتەرگەری جوانکاریش، کە فەرعی سەنتەرێکی جوانکاری لوبنانییە لە کوردستان نەبیلە بارزانی چەندین نەشتەرگەری جوانکاری لە ڕوخساریدا ئەنجامداوە.

ئەو پسپۆڕە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە لڤینی نوێی وت «نەبیلە لەڕێگەی نەشتەرگەری جوانکاریەوە دەسکارییەکی زۆری روخساری خۆی کردوەو نەرشتەرگەری بچوککردنەوەو چاککردنی رومەتو گەورەکردنی لێوو بچوککردنەوەی لووتو دەستکاریکردنی پێستی ئەنجامداوە.»

ئەو پسپۆڕەی بواری جوانکاری وتیشی«بەهۆی ئەوەی کە لەو کاتانەی کە نەبیلە بارزانی لەڕاگەیاندنەکاندا دەرکەوتووە بەردەوام جلی کوردی لەبەردابووە، دەرنەکەوتووە کە ئایا نەشتەرگەری جوانکاری لە لاشەیدا کردوە، یاخود نا، هەروەها بەهۆی ئەو سەرپۆشەی سەریشیوە ئەوە دیارنیە کە ئایا نەشتەرگەری جوانکاری بۆ گوێچکەی کردوە یاخود نا»

لەم چەندساڵەی ڕابردودا ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە جیهاندا بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو تەشەنەی کردوەو زۆرێک لە کچانو ژنانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری دەکەن، ساڵانەش پارەیەکی خەیاڵی لە نەشتەرگەری جوانکاریدا خەرجدەکرێت، بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە نەخۆشخانەکانەوە دەرچوون گۆرانیبێژی لوبنانی هەیفا وەهبی زیاتر لە شەش هەزارو پێنج سەد دۆلاری لە ڕوخساریدا بۆ نەشتەرگەری جوانکاری خەرجکردوە.

هەیفا لووت ی بە دووهەزار دۆلارو گەورەکردنو جوانکردنی لێوەکانی بە سێهەزارو پێنجسەدۆلارو چاککردنی گوێی بە یەک هەزارو بچوککردنەوەو جوانکردنی سنگی بە چوارهەزار دۆلار و جوانکاری ورگیشی بە چوارهەزار دۆلار ئەنجام داوە.

بەوتەی ئەو پسپۆڕەی بواری جوانکاری هەر کەسێک کە نەشتەرگەری جوانکاری دەکات وێنای کەسێک لەبەرچاو دەگرێت کە کاریگەری لەسەری هەیەو بە شێوەی روخسار بێت، پێدەچێت نەبیلە بارزانیش هەیفا وەهبی کردۆتە نمونە بۆ ئەو جوانکاریەی ئەنجام داوە.

بەبڕوای ئەو پسپۆڕە «بڕی تێچوی ئەو نەشتەرگەریانەی کە نەبیلە بارزانی لە ڕوخساریدا کردویەتی گەر لە وڵاتێکی وەکو لوبناندا کرابێت ئەوا نزیکەی دوو هەزار دۆلاری تێچووەو گەر لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاش کردبێتی پێدەچێت زیاتر لە چوار هەزار دۆلاری تێچوبێت.»

نێچیرڤان بارزانی کەسێکی قۆزەو بەیەکێک لە سیاسیە شیکەکانی کوردستان دادەنرێت وەکو خۆشی لە دیمانەیەکی رۆژنامەنوسیدا لە رۆژنامەی شەرقولئەوسەت وتویەتی، کچانو ژنانی عێراقی بە عەرەبو کوردو غەیرە عێراقیشەوە نامەی خۆشەویستیو دڵداری بۆدەنرێرن، ڕەنگە ئەمە یەکێک لەو هۆکارانە بێت وای لە نەبیلە بارزانی کردبێت تا نەشتەرگەری جوانکاری بکات، بۆئەوەی هاوسەرەکەی تەنها بیر لەئەو بکاتەوە، ڕەنگە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی نەشتەرگەریەکەی نەبیلەش ئەوەبێت کە بنەماڵەی بارزانی بیانەوێت ئەو تا کە خانمانەی کە نوێنەرایەتی بنەماڵەکەیان دەکات لە ڕاگەیاندنەکاندا بە روخسارێکی جوانەوە دەربکەوێت.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی هەیفا وەهبی وەکو مۆدێلی نەشتەرگەریەکە بەبڕوای







خانمێکی پسپۆڕی جوانکاری ئەوەیە «جوانی روخساری هەیفا جوانیەکی شەرقیانەیە و زۆربەی پیاوانی رۆژهەلاتی بە کوردستانیشەوە حەزیان بە روخساری هەیفا وەهبیەو لە روی جوانیەوە لە سەرو هەموو هونەرمەندەکانی دیکەی دادەنێن.»

بەبڕوای ئەو پسپۆڕە چەند ستایڵو شێوەیەکی روخساری جوانی ئافرەتان هەیەو هەر کۆمەڵگەیەکیش جوانی جۆرێک لەم شێوانە بەسەر ئەوانی دیکەدا دەدات، بەبڕوای من نمونەی جوان لە وڵاتانی رۆژهەلاتیدا وێنەی هەیفا وەهبییە.

بەپێی راپۆرتێکی سایتی ئیلاف «لووت ی هەیفا نەشتەرگەری جوانکاری لە لوبنان دەژێنێتەوە» ساڵانە ژمارەیەکی زۆری ژنانی کەنداو رووەدەکەنە لوبنانو داوای جوانکاری لووتو روخسارو سنگو جەستەی هەیفا وەهبی دەکەن.

راپۆرتەکە دەنوسێت «ئێستا لووت ی هەیفا بە **٢** هەزار دۆلار و سنگی بە **٤** هەزار دۆلارو گوێچکەی بە هەزار دۆلارە» وەک ئاماژەیەک بۆ جوانکاری لەو ئەندامانەی جەستە لەسەر شێوازی هەیفا وەهبی.

بەپێی یەکێک لە دۆسیەکانی پۆلیسی قاهیرە پیاوێک بەهۆی ئەوەی بەردەوام بەدیار وێنەکانی هەیفا وەهبیەوە دانیشتوە، ژنەکەی پارەیەکی زۆری لەرێگەی قەرزکردن و دزیکردنەوە پەیداکردووەو روخساری خۆی وەکوو هەیفا لێکردووە، تاکو پیاوەکەی واز لە سەیرکردنی هەیفا بهێنێت.

جوانی روخساری نەبیلە بارزانی لەپاش دەرکەوتنی لە رۆژی هەڵبژاردنەکاندا جێگەی مشتومڕی هاولاتیان بوە، چیا عەلی (**٢٦**ساڵ) کەخوێندکاری زانکۆیە دەڵێت» ئەو کاتەی کە نەبیلە لەشاشەی تەلەڤیزیۆنەکانەوە دەرکەوت قۆزی نێچیرڤان بارزانیمان لە بیرچوویەوە کە پێکەوە دەنگیان دەدا، پێشم خۆشە کە نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام داوە، چونەکە ئەو لە سەرجەم دونیاوە دەبینرێتو خەڵکی لەوەوە تەماشای کچانی کورد دەکەن، دەزانم ئێستا لە هەموو دنیا دەڵێن کچانی کورد زۆر جوانن.»

هەروەها دڵخواز قادر (**٣٧**ساڵ) جگە لەوەی سەرسامی خۆی بە جوانی روخساری نەبیلە دەربڕی بە لڤینی نوێی وت «هەرچەندە بە رونی دیارە کە جوانی نەبیلە بەهۆی نەشتەرگەریەوەیە، بەلام هەموو ژنێک حەزدەکات کە وەکوو ئەو جوانبێت، بەلام بەداخەوە خۆئێمە ژنی سەرۆک وەزیران نین تا پارەی ئەوەمان هەبێت نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام بدەینو خۆمانی پێوە بابدەین.»

بەپێی زۆرێک لە راپۆرتە رۆژنامەوانیەکان سەرکەوتویی نەشتەرگەری هەیفاو نانسی عەجرەم کاریگەری گەورەی هەبوە لەسەر گەشەکردنو گەرمکردنی بازاڕی نەشتەرگەری لە وڵاتانی عەرەبیو تەواوی رۆژهەلاتی ناوەڕاست، لەم رووەوە چاوەڕێ دەکرێت دەرکەوتنی خانمی یەکەمی کوردستان لە دوای ئەم نەشتەرگەریانەوە ببێتە هۆی گەرمکردنی بازاڕی جوانکاری لە کوردستانو وەکو مۆدێلیکی نوێ زۆرێک لە کچان لاساییبکەنەوە.





